## له یادی کارەساتی تسۆنامیدا ، چەپکە گوڵ بۆ سەر مەزارتان ، یادتان لە دڵماندا بۆ هەمیشە زیندووە ..!!



ساڵێك لەمەو بەرو لەڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا (2004/12/26)یەکێك لە گەورەترین کارەساتی سروشتی و تراژیدیای مرۆیی لەم دونیای سەردەمەدا قەوما. سەرلەبەیانیەکی ڕۆژی دووشەمە بوو ، مناڵان سەرحاڵی یاری و لاوانی کوڕو کچی دڵ پڕ لە هیوا سەقاڵی ڕازاندنەوەی ماڵان و دوکان و شەقام و بازاڕەکان بوون ، بۆ پێشوازی لە هاتنی ساڵی تازە ، پەپولە ئاسا چاوگەشەکان خەریکی کڕینی فیشەکەشێتەو ڕازاندنەوەو پێچاندنەوەی دیاری بوون بۆ دۆست و ئاشناکانیان.



لەکاتێکدا خەڵکی تایلاندو هەزاران هەزار گەشتیاری وولاتانی ئەوروپا بە نیازی چون بۆ کەناری دەریاو پشودان ڕوویان لە دەریا ئەکرد ، ئەوان بێئاگابوون لە لەوەی کە شەپۆلەکانی سەرسنگی ئەمجارەی تسۆنامی هەروا هەڵچون و داچونێکی ئاسایی دەریایی نییە، نەیانزانی کە ئەمجارەیان شەپۆلەکان بڕیاری مەرگی بە کۆمەڵی سەدان هەزار مناڵ و لاو و ژن ، وەشێواندن و وێران کردنی تەواوی شارو ژیانی هەموو مرۆژەکان وگیان لەبەرانیان لە ناخی خۆیاندا هەڵگرتووە لەو ناوچەیەدا.





ئەو ڕووداوە بووە یەکێك لە گەورەترین کارەساتە سروشتیە جەرگ بڕەکانی دنیای ئەمڕۆ لە جیهاندا ، وە شارەکانی کەناری دەریای هەشت وولاتی باشور وە باشوری ڕژهەلاتی ئاسیای گرتەوە کە ئەوانیش ئەم وولاتانەبوون" ئەندۆنیسیان ، تایلاند ، صۆماڵ ، هندستان ، کینیا ، یابان و سریلانکا"، تەوژمی شەپۆلەکان و کاریگەرییان لەسەر وێران کردنی شارەکان و کوشتن و خنکاندنی مرۆڤەکان بە پلەو ڕادەی جیاجیا بوون ،لە وولاتی ئەندۆنیسیا و تایلاند گەورەترین قوربانی لێکەوتەوە، وە بەگشتی لەم کارەساتەدا زیاتر لە 200000 دووسەد هەزرار کەس گیانیان لە دەستدا ، جێی ئاماژە پێکردنە کە زیاتر لە 1/3 ی ئەم قوربانیانە مناڵان بوون. لە هەرەیەك لە وولاتانی ئەوروپاییش بەسەدان کەس لەنێوچون و کوژراون و بریندداربوون ، سەدان خێزان کەس و کارو ئازیزان و خۆشەویستانیان لەدەستدا ، دەیانی تریش هەتا ئێستاش چاویان لە ڕێگایە بۆ هاتنەوەی ئازیزانیان و بەهیوان سۆراخێکیان بزانن.

وولاتی سوید یەکێك لەو وولاتە ئەوروپایانەیە کە بەشێکی زۆری ئەم قوربانیانەی بەرکەوت ، لە بەشێکی زۆری شارەکانی سویدا بۆ یادی گیانبەختکردوانی ئەو کارەساتە ، بەشکڵ و شێوەی جیا جیا ، سەرباری بارینی بەفرێکی زۆر ، سەرباری سەرماو سۆڵەیەکی زۆر و نزمبوونەوەی پلەی گەرمی بۆ نزیك بە 7-9 پلەی سیلیزی ژێر سفر، ئەمڕۆ یادی ئەو کارەساتە و بۆ ڕیز گرتن لە یادی قوربانیانی ئەو ڕووداوە مەراسیمی جیاجیا بەڕێکرا، هەزاران مۆم هەڵکران و هەزاران چڵەگوڵ فڕێدرانە دەریاکانەوە ، کەس و کاری قوربانیان بەرپرسانی بەشێکی لە دام و دەزگای دەوڵەتی و حکومی تێیدا بەشدارییان کرد. ئەمە جگە لەوەی کە سەدان خێزانی سویدی بۆ ڕێزگرتن لە یادو گیانی ئازیزانیان ڕوویان لە تایلاند کردو لە شوێنی ڕووداوەکە مەراسیمیان گێڕا.

لەم بۆنەیەدا و بۆ ڕێزلێنان لە یادی ئەو سەدان هەزار مرۆڤ و مناڵە بێتاوانانەی کە گیانیان لەدەست ، چەپکەگوڵی ڕزو وەفا لەسەر مەزاریان دادەنێم و سەرخۆشی خۆم ئاراستەی کەس وکاری ئازان و گیان بەختکردووان دەکەم.


شێرزاد فاتح 0046-735 715 449

سەنتەری بەرگری لەمافەکانی مناڵان

www.santarimnalan.com


2005/12-26

تێبینی:- ساڵی پار و لە کاتی ڕوودانی ئەم کارەساتەدا بە هەردوو زمانی کوردی و سویدی بابەتێکم لە سایتە کوردییەکان و هەندێك ڕۆژنامەدا بڵاو کردەوە ، بەشی سویدی ئەم بابەتە لە ژمارە 9 ی " Barnen Först " دا بڵاو کراوەتەوە ، بەم لینکە www.barnenförs.se بەشی کوردی ئەو بابەتەش لێرەدا دووبارە بڵاو ئەکەمەوە:

## 165000 قوربانی بومەلەرزەی ئاسیا و کارەساتێکی پڕ تیرژیدی..!!

سەرلەبەیانییەکی زووی ڕۆژی دووشمە بوو ، خەڵکی خەریکی ڕازاندنەوەی شار بوون ، شەرقام و ناو بازار و دووکانەکان



بریسکەی دەدایەوە ، لە گڵۆپی ڕازاوەو وردەواڵە ڕازاوەکان، مناڵان سەرحاڵی یاری و کڕینی فیشەکە شێتەو تەڵقە تەنوورە بوون ، ئەوان خەریکی کڕینی جل و بەرگی بابا نۆئیل و دیاری بوون بۆ مناڵانی تری دۆست و ئاشنایان. بەشێك لە گەشتیارانی ئەوروپای بۆ گەشتوگوزار بەنیازی چوون بۆ سەردەریا و حەوانەوە بوون.

ئەوان بێئاگابوون لە شەپۆلی بێڕوحمی دەریا و نەیانزانی کە ئەمجارە شەپۆلەکان لە ناخی خۆیاندا بڕیاری مەرگی بە کۆمەڵی سەدان هەزار مناڵ و ژن و پیرو جوانی داوە ، لەسەرەتادا پێیان وابوو کە هەر وەك و جاران شەپۆلی دەم ڕەشەباو پاپۆڕە تێپەڕبووەکانە.

راستە بوومەلەرزە ڕوداوێکی سروشتییە ، بەڵام ئایا نەدەکرا ڕادەی خەسارەتی مرۆیی ئەم کارەساتە کەم بکرێتەوەو بەری پێبگیرێ؟
بەڵام ئەوە مەعلومە کە کاریگەری ڕووداوەکە لە سەر مرۆڤ و ڕووبەڕووبوونەوەی بە پێشکەوتووی مرۆڤ و تەکنەلۆژیاوە ، وە بە چۆنێتی بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایەوە لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بەندە..!!



به پێی ئاژانسەکان سەرەتای ئەم بوومەلەرزەیە لە دورگەی هۆکایدو لەوپەری باکوری ( یابان )ەوە دەستی پێکرد ، وە بەپێی پێوەری ڕیختەر توندییەکەی گەیشتە 7.1 پلە. ئاژانسی چاودێرانی بومەلەرزەی یابانی ڕایانگەیاند کە ئەم ڕووداوە لە قوڵایی 48 کیلۆمەتر لە سەر ڕووی ( المحيط الهادي) ەوە بووە. وولاتی یابان یەکێکە لەو ناوچانەی کە لە 20٪ ڕووداوەکانی بومەلەرزە لە جیهاندا تیا ڕوودەدات، بەدوای یەکەم بوومەلەرزەدا زنجیرەیەك بومەلەرزەی دواییەك ڕوویاندا بە پلەی ڕێختەری جیاجیا لە نێوان 6.8 تا 5.6 پلە. ئەوان هەر ئەو کات پێشبینی ئەوەیان کرد و ووتیان کە ئەم بومەلەرزەیە چەندین ناوچەی تریش دەگرێتەوە !!

لەماوەی 40 ساڵی ڕابردوودا ئەمە یەکەم جارە بوومەلەرزەی لەم جۆرە بەهێز ئەم ناوچەیە بگرێتەوە. شایانی باسە ساڵی 1995 یش بومەلەرزەیەکی بەهێز لە ( کوبی ڕۆژئاوای یابان ) ڕووی داو ببووە هۆی کوژرانی 6433 کەس. ئەم بومەلەرزەیە کەنارەکانی هەشت وولاتی جیاجیای باشور وە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای گرتەوە ، لەوانە(ئەنۆنیسیا ، تایلاند ، هند ، کینیا ، صومال ، یابان، سریلانکا) ، و بە ئەندازەی جیاجیا زیانیان لێکەوتووە ، بە پێی ئامارەکان ئەندۆنیسیا یەکێکە لەو شوێنانەی کە گەورەترین زیانی لێکەوتووە و ژمارەی قوربانیانی تا ئێستا گەیشتۆتە 104055 کەس. هەروەها ئەم کارەساتە بووەتە هۆی گیان لەدەستدانی دەیان کەسی تر لە مالیزیا ، مالدیف ، بەنگلادیش و بورما ، تەنانەت کاریگەری شەپۆلەکانی بوومەلەرزەکە گەیشتۆتە کەناری ڕۆژئاوای ئەفریقا و لە کینا و صۆمالیش قوربانی هەیە!

به پێی ئامارەکان بومەلەرزەی ئۆقیانوسی هندی زیاتر لە 165000 کەس تا ئێستا کوژراون ، ملیونەها بریندار هەیە ، ملیونەها ئینسانی تر لە هەل ومەرجی سەختی ئاوارەیی و بێخانەو لانەییدا ژیان دەکەن. سەیر لەوەدایە کە

دووری نێوان چەقی دەست پێکردنی ئەو ڕووداوە تا کەنارەکانی خۆرهەڵاتی ئەفریقا زیاتر لە 6000 کلیۆمەترە ، شەپۆلەکان بۆ بڕینی ئەم ماوە دورو درێژە چەندین کاتژمێریان پێویستە ، کەچی دەوڵەتانی ناوچەکە نەیانتونیوە کە خەڵکی ئاگادار بکەنەوە و لەم کارەساتە و دووریان بخەنەوە لەو کارەساتەی کە بەڕێوە بووە بۆ لایان، کە لەو ماوە درێژەی ئەو چەندین کاتژمێرەدا ئەکرا بە ئاسانی دانیشتوانەکە ئاگادار بکرانایەتەوەو لەم سەدەی بیست و یەکەمی دنیای پێشکەوتوی تەکنۆلۆژیایەدا ، ئەم هەموو ئینسانە بێتاوانە نەبوونایەتە قوربانی ئەم کارەساتە سروشتییە. شایانی باسە کە



ژمارەیەکی زۆر لە قوربانییەکانی ئەم کارەساتە مرۆییە منداڵانن ، کە ڕێژەکەی نزیکە لە 1/3 ی قوربانییەکانەوە، لەم کاتەدا زیاتر لە نیوملیۆن بریندار چاوەڕوانی چارەسەری برینەکانیانن ، 4 ملیۆن خەڵك ماڵ و حاڵیان بە یەکجاری نەماوە و ئاوارە بوون کە بەشی زۆریان ئەندۆنیسین ، سەرباری ئەم ئاوارەیی و بێجێگەو ڕێگەییە ، یەکێك لە گەورەترین کێشەی ئەم خەڵکە نەبوونی ئاوی خواردنەوەو گیرۆدەی دەستی بڵاو بوونەوەی چەندین نەخۆشی و پەتای جۆراو جۆرن.



***ئایا نەدەکرا دەوڵەتانی ناوچەکە لەو ماوەی چەندین کاتژمێرەی کە کارەساتەکەی تێدا بەردەوام بوو!! لەو ماوەی گەیشتنی شەپۆلەکان لە سونامی یەوە تا وڵاتانی دەوربەری و تا سۆماڵ کە سەدان کلیومەترەو چەندین کاتژمێری دەوێ بۆ گەیشتنی . ئایا دەوڵەتانی ناوچەکە کە هەموو ئامرازێکی ڕاگەیاندیان لەبەر دەستە ، نەدەکرا خەڵی ئاگادار بکەنەوە لەم کارەساتە بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە بەجێ بهێڵن ودوور بخرێنەوە؟!***

فریا کەوتنی ئەو خەڵکە ئاوارەو بریندارو لێقەوماو بێخانەو لانەیە ، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوە و بەرگرتن بە دووبارە نەبوونەوەی کارەساتی دڵتەزێنی لەم جۆرە، بەندە بە دەرکێشانی پارەو پوڵی کەلەکە بووی بەردەستی سەرمایەدران و بە کارهێنانیان لە خزمەتی مرۆڤدا ، بۆ دروستکردنی جێگەو شوێنی گونجاو لەسەر مەرجی خانووبەرەی سەردەم ، بە جۆرێك کە ئنسانەکان بپارێزێ لە مەترسی کارەساتە سروشتییەکان. ئەم کارەش لە خۆوە ناکریت وسەرمایەداران وا بە ئاسانی ئامادە نین بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی سەرمایەکانیان بخەنەگڕ ، بەڵکو ئەمە بە فشار هێنان و ئیعترازو ناڕەزایەتی مرۆڤدۆستان و ڕێکخراو و لایەنەکانی بەرگریکەر لە مافەکانی ئینسان دەکرێ.

بژی خەبات لە پێناوی خۆشگوزەرانی و ڕزگاری مرۆڤدا

**شێرزاد فاتح**

**سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵان**

www.santarimnalan.com

0046 73 57 15 449

Sherzad_f@yahoo.com

<u>تێبینی</u>// بەهۆی کێشەی کۆمپیوتەرەوە ، ئەم بابەتە برێك لە کاتی ئاسایی خۆی دوا کەوت.